# هەڵبجە کەی دەبێت ئارامی بە خۆتەوە ببینی

**پەیامنێری کوردستان نێت**

ئەمرۆ لە شاری سلیمانی لە زانکوی سلیمانی یەوە رێپێوانێك کرا لەلایەن خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکانی شاری سلیمانی بەتایبەتی خەڵکی شاری هەڵبجە لە ژێر درۆشمی هەڵبجە کەی دەبێت ئارامی بە خۆی یەوە ببینێ ژمارەیەك لە خوێندکارانی شاروجکەی هەڵبجە ئەم رێپێوانەیان سازدا چاوەمان بە ژمارەیەك لە خوێندکاران

رێپێوان لە کات ژمێری ١٠:١٥ بەکاتی زەستانەی عێراق بەرێ کەوتن بەرەو ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی سلێمانی لەبەردەمی زانکۆی سلێمانی یەوە بەرێ کەوتن بە پارستنی ئاسایشی سلێمانی وبە هاوکاری سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

ژمارەیان بریتی بوون زیاتر لە ١٥٠خوێندکاران چاوەمان کەوت بە بەرێز لوقمان علی محمد لە کولیجی یاسای زانکۆی سلێمانی

* ئەمرۆ ئەم رێپێوانەتان سازداوە هۆی سەرکی چیە ؟

– هۆیەکان زۆرن لە وانە نا ئارامی هەڵبجە هەر لە دوای راپەرینەوە تا ئەمرۆیش ئێمە هەموو جەژنێك بە دەنگی تۆپ و تەقینەوەی شەڕەکانی ناوخۆ جەژن دەکەین ئایا تاوانی هەڵبجە ئەوەیە کە کوردی تا رادەیەك بە جیهان ناساند یان ئەو هەموو قوربانیانەی هەڵبجە خۆاستەکانی هێزەکانی قومی و دینی بەجێ نەهێناوە ئێستا هاتووین داواکارین هەڵبجە ئاوەدان بکرێتەوە لە چەك داماڵێندرێ وە لە هەموو هێزەکانی بێ جیاوزی دەبێت هەڵبجە دیمەنی کەلاوەکانی و چەکە زۆرەکانی کەئێستا سیمای ئەم شارەی گرتوە نەمێنێت و پارێزگاریمان لێ بکرێت نەك بەبردەوامی لێمان بکوژن و لە مەترسیدا جێمان بەهێڵن

* باش ئایا ئەو نا ئارامی یە ی کە هەڵبجە بە خۆی یەوە دەبینێ کێ بەر پرسە لێی حکومەتی هەرێم یا خۆد هیزە ئیسلامییەکان ؟

– هەردووکیان تەواو کەری یەکن هەموویان بەرپرسن لە نەهامەتی چەندین ساڵی رابردوی هەڵبجە و نەئاوەدان کردنەوەی و کەم دەرامەتی خەڵکی هەڵبجە و نا ووشیار خەڵکێکی زۆری هەڵبجە ئەوەندەی شەڕی تێدا کراوە بەرنامەیەکی ووشیاری تێدا بلاو نەبووتەوە

داواکارین لە نەتەوە یەکگرتوەکان کە ریگا نەدن بە هیچ وولاتێك کە دیمەنی هەڵبجە رۆبداتەوە

ئیتر سوپاس

لە بەردەمی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم چاوەمان کەوتە خۆشێکی چاو بە فرمێسك و بۆمان دوا

– من خوڵكی هەلبجە نیم بەڵام باوەكم لە كارەساتی هەڵبجە ماڵ ئاوای لێكردین من لەو كاتە تەمن هەشت ساڵ بوو لە بیرم دێ چۆن وەتیان باوكت رۆیشت ناگەرێتەوە، منیش لە تامی باوك بێبەش بووم منیش وەك هەڵبجە بووم بە گۆڵێكی ووشكی ئەم كوردستانە كەس نەما بپرسێ دەرچووی لە مەكتەب سەعی دەكەیت تاونێكی گەورەیە هەڵبجە تاوانە دەبێت هەموو وولاٌتانی دەرەوە یش تێبگەن كە تاوانی وەك هەڵبجە بدرێ بە دادگای نێو دەولەتی نا بێ بێ دەنگ بین ئەم فرمێسكەم پێشكەش بە خەڵكی شەهیدانی هەڵبجە بۆ ئەوەی جارێكی تر منداڵی كەس بێ باوك نەبێت

* بەڵێ تۆ فرمێسك دەرێژیت ئەی چی داوا ئەكیت

– وەتی‌سلاٌوی خۆم هەموو خوێندكارانی ئامادەبوو دەگەینم بە هەموو شەهیدان بەتایبەتی باوكی بەرێزم و داوا لە حكومەتی هەرێم دەكەم كە بە ئاگا بێ لە كەس وكاری شەهیدانی هەڵبجە بەشێكی زۆریان بێ دەرامەتن تەنها ( ٢٠٠ ) دینار یارمەتیان هەیە بەڵام كوژراوێكی ناوخۆ زیاتر لە شەش سەد و تا هەزار دیناریشیان هەیە كە شەهیدەكانی ئێمە لە ریچگای كوردایەتی تێچوٌن، بەڵام ئەوانی تر لە رێگای بەرژەوەندی حیزبی ئیتر سوپاس

كەسێك لە خویندكاران بۆمان دوا وەتی وەزعی هەڵبجە رۆژ بە رۆژ بەرەو خراپتر دەچێت جونكە نە وەزعی ئەمنی نە باری ئابۆری وكۆمەڵایەتی و ووشیاری لە ئاستێكە كە شانازی پێوە بكەین نەدیارە بەرو چاك بوون برۆا ئیتر هەڵبجە بە چی چاك بێ هیچ شتێك بۆ هەڵبجە نەكراوە بەڵام بە هۆی تیرۆروە باس لە هەڵبجە دەكرێت لە لایەن سیاسەتمەدارانی جیهانی بەڵام هیچی بۆ ناكرێ تۆژینەوەیەكی واقیعی لەسەر هەڵبجە نی‌یە ئەم كەمترین شتە نەكراوە

كچێكی تر بۆمان ئەدوێ دەڵێت

بەداخەوە یادكردنەوەی درۆینەی هەڵبجە زۆرە بەڵام هیچ كارێكی جدی بۆ نەكراوە، من لە ئەمریكا چارەسەر كراوەم تا ئێستا بێ تاقەتم لەرۆی تەندرۆستی‌یەوە وەهەروەها براكەم زۆرتر لەمن ماندۆترە كە ئەو لە سویسرا عیلاج كراوە

لەم كاتدا وەزیری هەریچم بۆ كاروباری هاوولاٌتیان لە ئەنجومەنی وەزیران بەرێز جمیل عبدل خدر هاتە دەروە پێشوازی لە نوێنەرانی رێپێوانەكە كردو بەگەرمی گفتی چارەسەركردنی كێشەكانیانی دا و بەخێرهاتنی هەموو خوێندكارانی كرد بەرێزی وەتی راستە زۆر شت نەكراوە بۆ هەڵبجە بەڵام بەهۆی ئەو باردۆخەی كە زوو هەیبوو بەڵام ئێمە هەر لە سەرەتای گەرانەوەی هەڵبجە چەند كارێكمان ئەنجامداوە لە داهاتوونزیكدا كاری جدی‌تر وباشتری بۆ ئەنجام ئەدەین بەتایبەتی هەڵبجە ئێمەی ناساندوە بە جیهانی ئێستای دونیادا

هەر لە ئەوێ وە بە رێكەوتن بۆ بەردەمی بارگای نەتەوەیەكگرتووەكان لە سلێمانی بە هێمنانە لەگەڵایاندا دەرۆیشتم و گوێم لە غەمەكانیان بوو چ وەك خوێندكاران كە هەیانە چ وەك كەس وكاری شەهیدانی هەڵبجە دواتر نوێنەران چاوەیان كەوتە بەرپرسی نوسینگەی نەتەوەیەكگرتوەكان لە سلێمانی گفتی

**گەیاندنی نامەکەیانی بە سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیورک ( کۆفی ئەنان) ی دا، وەلامی ئەو بەرپرسیان گەیاندە خویندکاران هەر لەبەردەمی نەتەوە یەکگرتوەکان لە سلیمانی**

**لێرەدا دەلێم ئەی گەلی کورد زامەکانمان زۆرن سارێژکردنیان بە یەکگرتویی ئیمەدا دێتە دی بە یەک بگرین بۆ ئەوەی دوژمنان زەفرمان پێنەبن ئالای کوردستانمان شکۆداربکەین لە داهاتووی عێراقدا وولاتانی دونیا ناچاربکەین پشتگیری راستقینەمان بن**

**رۆژنامە نووس**

**سابیری محمود داماو**

**کوردستان – سلێمانی**

**٢٠٠٣/٣/١٧**

www.kurdistannet.org کوردستان نێت